# کۆلۆمباری و تابلۆ کەم وێنەکەی

فەرامەرز ئاغابەیگی
(یەزد)

**بەرایی**

بێجگە لە سەفەرنامەکان کە لەپاڵ سەرچاوەکانی تر، یاریدەدەرن بۆ قەرەبووی کەلێن و بۆشاییی؛ وێنە و تابلۆش، کە کەسانێک لە بیانییەکان کێشاویانەتەوە دەتوانن بە هەمان ڕادە لە بواری توێژینەوەدا، یاریدەدەر و سوودبەخش بن، ئەوەی لێرەدا دەمانەوێ ئاوڕی لێ بدەینەوە، زەق کردنەوەی تابلۆیەکی «سەرهەنگ کۆلۆمباری»یە. بەر لە هێنانە بەرباسی تابلۆکە، پێویستە ئاماژەیەک بە ژیانی سەرهەنگ کۆلۆمباری بدەین.

**سەرهەنگ کۆلۆمباری**

لە کتێبی "وێنەگەلێک لە ئێران"(١) کە بە هەوڵی "لین تۆرنتۆن"(٢) چاپ و ئامادە کراوە، ئەم کەسایەتییە بەم جۆرە ناسێنراوە: «سەرهەنگ کۆلۆمباری(٣) لە دایکبووی "پییەمۆن"ی(٤) ئیتاڵیا و ئەفسەری ئەندازیاری بوو، لەمەڕ ساڵەکانی سەرەتای خزمەتی، بەهۆی کەمبوونی بەڵگە؛ وەک ناوی کە لە هیچ نووسراوەیەکدا نییە، ناتوانین هیچ شتێ بڵێین، ئەگەری زۆرە کە ئەو پێش لەدەسبەکار کردنی وەک ڕاهێنەری سەربازی لە هەنگی قارەمان میرزا (کوڕی هەباس میرزا) کە ئەوکات حاکمی ئازەربایجان بوو، لە خزمەتی سوپای ئۆتریش)دا -نەمسا- بووبێت.» (تۆرنتۆن، ١٣٧٤: ٣٤-٣٥).

عەلی بلووکباشی لە پێش وتاری ئەم کتێبەدا، لەمەڕ کۆلۆمباری دەڵێ: «ف. کۆلۆمباری "سەرهەنگی ئەندازیارانی جبەخانەی موبارکە"ی محەمەدشای قاجار بوو (ماوەی پاشایەتی١٢٥٠ تا ١٢٦٤ک). لە ساڵی ١٢٤٩ک/١٨٣٣ز، واتە یەک ساڵ پێش بە سەڵتەنەت



**سەرهەنگ کۆلۆمباری**
**وێنەکەی خۆی، بەدەستی خۆی کێشاویەتی.**

گەیشتنی محەممەدشا، هاتە ئێران و لە تەورێز نیشتەجێ بوو. هاتنی ئەو بۆ ئێران، بەرانبەر بوو لەگەڵ مردنی عەباس میرزا، جێگری پاشا لە مەشهەد، کە هاوکات لە تەورێزیش ڕێوڕەسمی ڕێزلێنانی بۆ گیرابوو» (پێشوو: ١٠) لە بەشی یادداشتەکانی ئەم کتێبەدا ئاماژە کراوە، کۆلۆمباری هەشت ساڵ لە تەورێز سەقامگیر بووە کە چوار ساڵی دوایی (١٢٥٣-١٢٥٧ک/ ١٨٣٦-١٨٤١ز) بەشێوەی فەرمی لە دامودەزگای عەباس میرزادا بووە(پێشوو: ٢٥) دوای ئەم چوار ساڵە کۆلۆمباری، بەهۆی ڕاسپێرییەکانی قارەمان میرزا(٥)، پێی دەکرێتەوە بۆ دەرباری محەمەدشای برای قارەمان میرزا. بەپێی فەرمانێک کە بۆ دەست بەکاربوونی کۆلۆمباری دەرچووە، لە کۆلۆمباری، وەک "ئەندازیاری ڕێ و خانوو، ئەفسەری سەربازی، شێوەکاری کارامە"، ناو براوە(پێشوو: ٣٦). لە کۆتاییدا کۆلۆمباری، لە ساڵی ١٢٦٥ک/١٨٤٨ز، بە ئیزنی میرزا تەقی خان سەرۆک وەزیری ناسرەددین شا، تاران بەجێ دێڵێ و دەچێ بۆ قوستەنتەنییە (پێشوو: ١١).

لە بەشێکی کتێبی "وێنەگەلێک لە ئێران"دا، ئاماژە بە گەشتیاری و سەفەرەکانی کۆلۆمباری کراوە کە لێرەدا پەرەگرافێکی لێ دێنینەوە: «کۆلۆمباری لە ماوەی مانەوەی لە ئێران کە پازدە ساڵی خایاند؛ چ بەهۆی هۆگرایەتی شەخسی، چ بەهۆی پێداویستی ئیشەکەی، گەلێ سەفەری کرد و زۆر ناوچەی بینی. سەرەڕای ئەوەی ئیشەکەی، ئەندازیاریی سەربازی و ئەفسەری سوپا بوو، بەڵام زۆر حەزی دیتنی دیمەنی سروشت و عەمارەت و کەسایەتییەکان دەکرد، هەروەها دابونەریتی خەڵکی ئاسایی، ئەم وێنە و هێڵکارییانەی کە لەم سەفەرانەدا کێشاویەتەوە، نەک هەر لە بواری مێژووییدا بایەخدارن، بەڵکو لەباری نواندنی ڕوانگەیەکی هونەرمەندانەش کە لە هەر جۆرە گیر و داوێکی فەرمی ئەو سەردەمە بەدووره، جێی سەرنج و وردبوونەوەن» (پێشوو: ٧٢-٧٣).

## لەمەڕ ناوەڕۆک و چلۆنایەتی بەدیهاتنی تابلۆکەی کۆلۆمباری

لەم بەشەدا، باس لە ڕێکەوت و چلۆنایەتی خوڵقاندنی تابلۆکە، لەگەڵ هێندێ وردەکاری تر دەکرێ کە لە کتێبی "وێنەگەلێک لە ئێران"دا ئاماژەی پێدراوە: «پارێزگای ئازەربایجان، کە لەنێوان تورکیا و ئەرمەنستان و کوردستان هەڵکەوتووە، لەباری ستراتیژیکییەوە، گرینگایەتییەکی یەکجار زۆری هەبوو؛ هەر لەم ڕووەوە، بەردەوام شەڕوکێشە لەگەڵ وڵاتانی هاوسێ دەقەوما کە بە تەمای داگیرکردن و تاڵانی ئەم ناوچەیە بوون. کۆلۆمباری لە زۆربەی لەشکرکێشی و ڕاسپاردە جەنگییەکاندا هاوڕێیەتی قارەمان میرزای دەکرد، قارەمان میرزا هەمیشە کەسایەتی ئەوی، چ لەباری سەربازی ، چ لەبواری هونەری، پەسن و ڕێز دەگرت. کۆلۆمباری لە ساڵی ١٨٣٦ی زایینی، لە ڕەوتی چالاکییەک(عملیات) دژ بە کورد، تابلۆیەکی زۆر نیشاندەر و زیندووی لە ڕەوتانەی سەربازی کێشاوە؛ لەم تابلۆیەدا(٦) قارەمان میرزا لە حاڵی سانی لەشکرکەیەتی لە دەشتی لێجان نزیک ڕەواندز. لەشکری شازادە تا ئاسۆیەکی دووردەست و داوێنی کێو، زنجیرەیان بەستووە. کۆلۆمباری لەم وێنەیەدا کە لە وەسف نایە، وردەکاری ئەم ڕێخراوە بەربڵاوەی؛ وەک جلوبەرگ و بارودۆخ و حاڵەتی سەربازەکان، بەکارامەیی و وردبینی زۆرەوە کێشاوەتەوە. لە دووبارە ئەفراندنی حاڵەتی گشتی مەیدانەکە، تەواو سەرکەوتوو بووە. قارەمان میرزا، دوای تەواوبوونی ئەم چالاکییە، بەدیاری کیسەیەکی پڕ لە مەحموودیە(دراوی زیوی باوی ئەو



**سانی قارەمان میرزا، دەشتی لیّجان، لە لەشکری ئێران**

سەردەمە) کە بەتالآن لە دوژمنی ستاندبوو، دەدا بە کۆلۆمباری. کۆلۆمباری لە یادداشتەکانی ئەو وەختدا ئەم خالّە دەنووسێ: "ئەم بەختەوەرییەم بەنسیب بوو کە بتوانم شازادە ڕازی بکەم تا بەپێچەوانەی دابی ئاسایی ئەوکات، ژنان و منداڵانێک کە بە کۆیلەیی دەگیران، ڕزگار بکات".» (پێشوو: ٣٥).

سەبارەت بەم تابلۆیە، لە پێڕستی کتێبەکەدا، ئەم تێبینییەش نووسراوە: «شێوەکاری ئاوڕەنگ ٤٣/٥-٢٧ سانتیمیتر. نووسراوەی پشت تابلۆکە (کە دواتر نووسراوە) ئەمەیە: "سانی شازادە قارەمان میرزا، مامی [ناسرەدین شا] لە دەشتی لیّجان(٧) لە سنووری کوردستان" (لیّجان: نزیکی ڕەواندز). لە گێراووڕێکدا(٨) کە کۆلۆمباری لە گۆڤاری ئیلووستراسیون، لە ڕێکەوتی ٤ ئاداری ١٨٥٤ دووبارە چاپی کردووە، هاتووە: قارەمان میرزا هەشتەمین کوڕی هەباس میرزا بوو کە دەبێتە برای محەمەدشای قاجار و مامی ناسرەدین شا» (پێشوو: ٩١).

**پەراوێزەکان:**

**١- فارسییەکەی: تصاویری از ایران. بە فەرەنسی: Images de Perse**

**2- Lynne Thornton**

**3- F.Colombari**

**4- Piemonte**

**٥- عەلی بلوکباشی لە یادداشتی پێش وتارەکەی لەسەر ئەم کتێبە، دەنووسێ: «قارەمان میرزا لە ساڵی ١٢٥١ی کۆچی/١٨٣٥ی زایینی، لە خوراسانەوە بانگ کرا و پلەی فەرمانڕەوایی ئازەربایجانی پێ سپێردرا.» (تۆرنتۆن، ١٣٧٤: ٢٥).**

**٦- جێی ئاماژەیە بوترێ کە کۆلۆمباری، وەک لە پێڕستی کۆتایی ئەم کتێبەدا(وێنەگەلێک لە ئێران) هاتووە، چەند وێنە و تابلۆی لە کورد کێشاوەتەوە کە نیشانەکانی بەم جۆرە تۆمار کراوە:**

**(أ) کورد و یەک زەنبوورەکچی؛**

**(ب) کوردەکان، پەلامارەدەری کاروانەکان؛**

**(ج) دوو کورد سوار لەسەر ئەسپێک(تۆرنتۆن، ١٣٧٤: ٩٢-١٠٠).**

**٧- بەپێی پرسیار، لە نزیک ڕەواندز، دەشتێک بەناوی "دەشتی لیّجان" نەناسرا، وێدەچێ مەبەست لەم ناوە، "چیای بێجان" بووبێت؛ لە کتێبی "ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسیدا"، هەڵکەوتەی جوگرافیای ڕەواندز بەم جۆرە هاتووە: «دەکەوێتە نزیک سێ گۆشەی سنووری عێراق - ئێران - تورکیاوە، لەسەر هێڵی پانی ٣٧ و هێڵی درێژی ٤٤ بە نزیکەی ١٠٠٥ مەتر بەرزی لە ئاست ڕووی دەریاوە، کە لە باشووری ڕۆژهەڵاتییەوە شاری ورمێ و شنۆیە، لە ڕۆژهەڵاتیشی شاری مەهابادە و لە باکووری ڕۆژهەڵاتی شاری هەولێرەوەیە، کە لە هەر چوار لایەوە بە شاخ و زنجیرەچیا دەورە دراوە؛ لە باکوورییەوە زنجیرەچیای زۆزگ و حەسەن بەگ و برادۆست، لە ڕۆژهەڵاتەوە چیای هەندرێن و دۆڵی باڵەکیان، لە ڕۆژئاوادا گردێنەی باپشتیان و گۆڕەز و چیای باڵەکیان و لە باشووریشدا چیای کۆڕەک و ئارموشە و بێجانییە.» (ئەحمەد حەمەد، ٢٠٠٦: ١٦-١٥).**

**٨- گێراوور(گراور): وێنەی هەر شتێکی هەڵکەنراو و کەندۆخیکراو؛ وێنەی هەڵکەنراو؛ وێنەی چاپی ئامادەکراو(دێهخودا، ١٣٧٧: ج١٢/١٩٠١٤).**

**سەرچاوەکان:**

**١- تورنتون، لین(١٣٧٤). تصاویری از ایران(سفر کلنل ف. کلمباری بە دربار شاه ایران: ١٢٤٩ تا ١٢٦٥ق)، ترجمەی مینا نوائی، با مقدمەی علی بلوکباشی، تهران: دفتر پژوهش های فرهنگی.**

**٢- ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر(٢٠٠٦). ڕەواندز لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی - سیاسی(١٩١٨-١٩٣٩)، سلێمانی: بڵاوکراوەکانی سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان.**

**٣- دهخدا، علی اکبر(١٣٧٧). لغتنامەی دهخدا، چ دوم از دورەی جدید، تهران: انتشارات و چاپ دانشگاه تهران.**